# نوسینەوەی خود

## بەشی دووەم

نامق هەورامی
namqhawramy@hotmail.com

ئیزنت لێ وەردەگرم،ئەمە نەریتێکە تەنیا خۆم پێی سەرسامم ،هەروەها ژنانیش کام ژن؟ جەوهەری پرسەکەی من ئەمەیە؟ کائینێک بەردەوام لەژێر گوشاری ئایدیاو مەزهەبدا،کۆمەڵگەو پیاویش شەریکە بەشی ئەم گوشارەن.

راستی بڵێ، ئەگەر بریسکەی شمشێر ئاو لە چاوان بێنێت،مەزنی لەوەدا نییە فۆرمت رازاوەو ناواخنت وێرانە بێت ،چ فایدە کە دکتۆر بیت، لێ ناخت پڕلە بیماری وژانی جەهالەت بێت؟

رەنگە لێم بپرسیت بۆچی ژنت خۆشدەوێت ؟ لەوەڵاما پێت دەڵێم لەقار باوکم! زریکەیەک کەتا ئێستا لە دالانەکانی مێشکما دەرناچێت ،زریکەی ژنێک بو بەخواستی باپیرم بوبویە دایکم ، زریکەیەک لەقوربانییەکی بەردەست جەلادەکەی دەچو، ئەوە هاواری دایکم بو کاتێک باوکم بە دارێکی مازوی سەرخڕ کلاوەی ئەژنۆیی  شین کردەوە!!

کەمتر لەپیاوانی ئەم مەملەکەتە توندوتیژیم کردوە (ئەوەش سەرمایەیەکی گەورەی ویژدانمە) ئەمە پاکانە کردن نییە بۆ خود،خۆشەویستیم بۆ ژن جیا لە پیاوانی ترە هەر بۆیەش زۆر جاران بە ژنانی ناوزەد کراوم کەبەلای منەوە میداڵی شانازییمە ،دەمەوێت باجی ئەو هەڵیە بدەم کە باوکم کردی...

پیاوانی ئێرە لەچاوی هاملێتەوە لە خۆشییەکانی ژن دەروانن و بە (ئۆفیلیا)دەڵێن؛ شتێکی خۆشە لەنێو هەردوو ڕانی ژنێکدا پاڵ بدەیتەوە!!

ئەمە سانایە کاتێک وابزانیت لەگەڵ مرۆڤدایت و لەناو گەڵی مرۆڤدای ،بۆ نا؟ هەمو شتێک بە جەستەی مرۆڤەوە ئەندامە ئەم ئەندامانە سروشتی کاری خۆیان دەکەن ، لە ڕۆژهەلاتدا ئەندامەکانی لەش توشی هەمان ئیفلیجی و سەقەتی هاتون کە ئەندامانی گروپ و ڕێخراوە میلیتاریەکان توشی هاتون ، ئەندامگەلێکن سۆز دەیان جولێنێت نەک ئاوەز.

ئەی ژن.. ئارەزومە پڕبم لە ئاهو ئۆفت بەڵام لەکاتی ئۆرگازمدا نەک لەکاتی لێدانتا..
جیاواز لە پەیکەر تاشە کانی یۆنان ،نامەوێ هەمو شتەکانم بخەمە نێو جەستەی بەردەوە ئاخر جەستەی ئافرێنەر نابێت لە بەردا تەجسید بکرێت .
تەنانەت ئەوانەی پەیکەری خواوەندەکانیشیان لەبەرد و دار دەتاشی نازان بون یان ئەشقیان بۆ خواوەندەکانیان نەبوو!!
سارای بێخودایی سەرزەمینێکە ژنی تێدا نییە،یان دڵی ژنی تێدا دەشکێت،ئەمە شتێکە لە مندا گەرەکیەتی وەدەنگ بێت ،نورێک هەرگیز خەفە نابێت،ئەمە سرودێکی ئیلاهییە،ژنێک ئاوازی لەبولبول بۆ قەرز کردوە، من شەوانە گوێ لەو سرودانە دەگرم ،بە مەستی دەیانڵێمەوە (منی خۆم )و (منی تۆ) دار دەچێنین ،چیمەنی جەستەکان ئاو دەدەین ،بۆ رۆشنایی ئاگرەکە سەما دەکەین ،ئەمە تەقسێکە لە زەردەشتەوە وەرگیراوە ،(ساتێکی ئارام بوو قسەم لە ڕوناکی دەکرد،لەپڕ روناکی ماڵاوایی کرد- کارەبا بڕا)
نازانم دەمویست لەچی بدوێم، کیشوەرێک گەورەتر لەوەی کۆڵۆمبس دۆزییەوە، تریفەیەک جوانتر لەوەی ئارمسترۆنگی پێگەشت،ئەگەر لەتیف هەڵمەت ڕێگەم بدا بە ڕاشکاوانە تر بدوێم بێگومانم لەوەی ئەگەر ئارمسترۆنگ بیتوانایە بگاتە دڵی ژنێک نەدەگەشتە دڵی مانگ!!!
دڵ لە پێناسەکانی ئەحیادا وا باسکراوە کە پارچە گۆشتێکی ڕیشاڵییە لەشێوەی هەرمێدا ، ئەوە ترومپایەکەو هیچی تر.. ئەوەی کانگای سۆز و ئەوینە شتێکی ترە پێی دەڵێن (زێڵ) وشەیەکە لەفەرهەنگی زمانی ئێمەدا خەریکە لەبەین دەچێت ، (زێڵم نمێ) (زێڵیت نەسۆچۆ) ( زێڵ کەرا رۆشن) لە هەورامانا بەکار دێن، لەگەڵ ئەوەشدا (دڵ) یش بەکار دێنن ،لێ بە مانای دڵ کە ترومپایە نەک کانگای ئەوین.
زێڵ جوگرافیایەکە تائێستا هیچ یەکەیەکی پێوانە نەیپێواوە،تەنیا کەسێک لێی دەگات کە ماڵۆچکەیەکی تێیدا هەبێت.
لە( ڤیدا) ی کتێبی پیرۆزی هیندۆسەکاندا و لەزمانی(پوروڕەڤا)ی داناوە دەڵێت؛ئەی ژن با بۆ ماوەیەک لەگەڵ وتە شیرینەکانتا بمێنمەوە،یادەوەری ئەو

**گفتوگۆیانەی نێوانمان دەبێتە سەرچاوەی شادومانی بۆ ڕۆژانی داهاتوم،شادیم چنگ دەکەوێت لێیانەوە.**
**بەشەرییەت بەڵایەکی گەورەی بەسەر دێت،بەڵای بێزاربوون،چاکەکەران دەبنەیاساوڵی بێزراوەکان،دەهۆڵ وەبن دەسان دەنێن و زوڕنا لە لەخامەیان و ئاهەنگی مەرگ دەگێڕن، ئوفتادەیەک لەنێوخەڵکەکە ڕابوو ،ئەوە چییە ئەمە خۆشترین زەماوەندە، مردنی کچەکەتان واتە کرانەوەی دەرگای ڕوسوری و سەربەرزی!!!!!**
**لێرە هەمو شتەکان تەواو دەبن، شتەکان وەکو یەکن،هەمویان بەتاڵن،ئیدی تەمەنی ئەم شەوە هەزار ساڵەیە بەچی تەواو دەبێت؟**
**کوا تروسکاییەکانی من درِ بەم تاریکییە دەدەن؟تەمەنی چراکانی من کەی ئەوەندە درێژە؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟**
**نیشتمان و مێ ، دوو چەمکی تەواو جیاوازن ،بەدەر لە پۆلێنە ڕێزمانییەکە ( لەگەڵ ڕێزمدا بۆ سیبەوەیهی ) .**
**زۆر شتی هاوبەشیشیان هەس ، خاک و مێ ، هەردوک ئەنفال دەکرێن، خیانەتیان لێ دەکرێت و داگیریش دەکرێن،میزیشان پێدا دەکرێت ،شتەکان یەک سەرچاوەیان هەیە ،تخونی شتگەلی تر نەبیتەوە ،تۆ شتێک لەبارەیانەوە نازانی....**
**نابێت سور هەڵگەڕێن  ئەوەی وتم پێشتر وتراوە،ئیرەیی بە زانایان نابەم ،وان دەزانن بۆمبا ترسناکە و چێی دەکەن، ژار وەبەر دێنن بۆ ژاراوی کردن،نوقڵانەی مردنی ژن لێدەدەن...**
**خاکی مێ بەپیتە بۆ ئەوەی نەمامەکانی بەباشی پەلوپۆ باوێن ،دەبێت لەدەرەوەی زەمەنی تەورو تەوراسا شکۆفە بکات،بشنێتەوە،لێرە چەقۆیەک دەشکێت و ژنێک دەپشکوێ..**
**درەختەکان پیرە ساڵییانە ،کۆنترین چیرۆک و دیرۆک دەگێڕنەوە،چەندە بە حەوادا چون ،هێندەش بە قووتا،ئەسپی سەرکێش و هێسری چەموشی لێدەبەسنەوە،ئەیانە هانە بەر مێژووەوە ،لێل چوار وەرزەی ساڵا سەرسەختی دەکەن،وەلێ بایەک دەیانخاتە سەما ، ئەبێت لەو ڕاستییە بگەین ..**

کەبەکۆڵانە کراوەکاندە گوزەر ئەکەین پڕین لە داخران،ڤالآیی دەبێتە تەوتەم، گەورەترین تاوان بەزەییە ،خۆلادانە لە ویژدان بەکەم زانینیەتی.
باخچەی ماڵەکان پڕدەکەین لە گوڵ ،شعوری ژنانیش لە برین،ئینجانەکان بەگوڵ پڕدەکەینەوە ،دڵی ئەوانیش بەتاڵ دەکەینەوە لە سۆز،رێز..ووووووو
با پەرژینی باخچەکان بشکێنین ، ڕێ لەشالورەکان نەگرین با سەردانی باخچە بکەن ،لێ ئاژینی باخچە کەی من قاییمترو قاییمتر کەن ،من یاسای هاڵگرتنی پەرژینەکان دائەڕێژم ،لێ باخچەی من ناگرێتەوە!!!
میهرەبانترین باخچە .. چۆن حاڵیت کەم من لەنەسلی باخەوان و یاساچی نیم،من هەر خۆمم، فێری گیانقورسی نیم..ئەمەوێت لەدەرەوەی ئەوان ماڵێک چێکەم دور لەیاسای بەرزو نزم، دەمەوێت ستران بچرم ،بۆئەوەی گۆرانی بڵێیت پێویستت بە وچانێکە ،با لای تۆ وچانێ بدەم ،تۆش دەتوانی پێم بڵێت نا.
بەرلەوەی سوکنایی بگرم ،پێش گەڕانەوەم بۆ ناو تۆ ،بیرم کەوتەوە ،شاهەنشاکان بێزار دەبن کاتێ گوێیان لە (نا) دەبێت،بۆئەوەی موعجیزە بخولقێت من دەڵێم (نا) ،بۆ ئەوەی نەمریت هەمیشە (نا) بڵێ..
لەبەرامبەر هەمو (ئا) یەکدا (نا)یەک بڵێ ،بابزانن تۆش هەیت ،هەمان پیاڵە مەبە کە دانایەک و گەمژەیەک وەک یەک تیاتا بخۆنەوە ..
ئێستە وادەی گۆرانی وتنە ، وەرە با گۆرانی ئنسانی بڵێین......